کوژرانی 10 کەس لە هێرشی فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە



ئەمە هەینی میدیاکان باویانکردەوە، لە هێرشکی ئاسمانی ئیسرائیلدا بۆ سەر قوتابخانەی ئوسامە بن زەید کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکانی ناوچەی سەفتاوی باکووری شاری غەزە 10 کەس شەهیدکران کە 5 منداڵیانە.

دەزگاکانی هاگێیاندن ئاماژەیان بۆکرد، "10 شەهید گەیشتوونەتە نەخۆشخانەی شیفاء، لەنێویاندا تەرمی سووتاوی پێنج منداڵ تێدایە". هێروهها ئاماژەیان بۆشکردووە، "تیمی تایبەتمەند و هاوڵاتیان چەندین تەرمیان دەرهێناوە، لەنێویاندا منداڵکی ساوا، کە تەرمەکانی پاشماوەی سووتاو بوون ، بەردومانکە وەرانکاریەکی بەرفراوانی ناوچەکەی لەکۆتۆ، بەپێی سەرچاوە ناوخێیەکان".

ئەم بەردومانە دوای چەند کاتژمێرێک دێت لە کوژرانی 9 هاوڵاتی لە هێرشکی ئاسمانی ئیسرائیلدا کە کەبوونەوەی هاوڵاتیانی کردە ئامانج لە نزیک قوتابخانەی شەعبان ئەیس لە گەڕەکی توفاحە لە ڕۆژهەڵاتی شاری غەزەی دواتریش گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی عەرەبی ئەهلی (ئەعمەدانی) ئەو شارە.